# حوکمی ڕۆژوو بۆ کەسێکی تووش بوو بە نەخۆشی شەکرە

[ كردي – کوردی – kurdish ]

**شێخ موحەمەد صاڵح المنجد**

**وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2013 - 1434

IslamHouse.com

# حكم الصوم لمريض السكر ومتى يجوز له الفطر؟

« باللغة الكردية »


الشيخ محمد صالح المنجد



ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# حوكمی ڕۆژوو بۆ كەسێكی تووش بوو بە نەخۆشی شەكرە

ئـەم پرسیارە ئاڕاستـەی ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام كراوە :

**پرسیار** : ماوەی چواردە مانگە بـەدەست نـەخۆشی شەكرەی نمرە دووەوە ئـەناڵێم، كە بـەو شەكرەیە ناسراوە پێویستـی بـە دەرزی ئـەنسۆلین نییـە، و ە من هیچ جۆرە چارەسەریـەك بـەكارناهێنم، بـەڵام هێندە هـەیـە پارێز دەكـەم و كـەمێك لـەوەرزشیش ئـەنجام دەدەم بۆ ئـەوەی ڕێژەی شـەكرەكـەم لـە ئاستێكی دیاری كراودا بمێنێتـەوە، لـە مانگی ڕەمـەزانی ڕابردوو هـەندێك ڕۆژ بـەڕۆژوو بووم، بـەڵام نـەمتوانـی لـەبـەر دابـەزینی ڕیژەی شـەكرەكـەم هـەمووی تـەواو بكـەم، ئێستاش سوپاس بۆ خوای گـەورە وا دەزانم كـە حاڵم باشترە، هێندە هـەیـە كـە ڕۆژوو دەگرم هـەست بـە ئێش وئازاری سـەرم دەكـەم، ئایا واجبـە لـەسـەرم لـەگـەڵ ئـەم حاڵـەمدا

ڕۆژووەکانم بگرم، وە ئایا دروستە لەکاتێکدا کە بەرۆژوو دەبم شیکاری خوێن بۆ ڕێژەی شەکرەکەم بکەم، چونکە پێویستی بە چەند دڵۆپە خوێنێك دەبێت لە پەنجەمی بگرم ؟ خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە .

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

ئەوەی ڕێگای پێدراوە ئەوەیە کە نەخۆش ئەگەر هاتوو ڕۆژووەکەی زیانی گەیاند بە تەندروستی یان ناڕەحەت بوو لەسەری، بۆی هەیە لە مانگی ڕەمەزاندا بەڕۆژوو نەبێت، یان نەخۆشێك ئەگەر پێویستی بەوە هەبوو لەڕۆژەکەی مانگی ڕەمەزاندا داو ودەرمان بەکار بهێنێت، ئەویش بە بەڵگەی ئەم ئایەتە پیرۆزە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿فَمَنْ كَانَ مِنْكُمْ

مَرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ ﴾ [ البقرة : 184 ] واتا :

هەرکەسێکتان نەخۆش بوو، ئەگەر ڕۆژووی گرتبا نەخۆشیەکەی زیادی دەکرد؛ وە یان درەنگ چاك ئەبوویەوە، وەیان زۆری بۆدەهات و تەنگەتاو دەبوو، یان چووە سەفەر ، ئەوجا ڕۆژووەکەیان شکاند، وەیان هەر لەبنە ڕۆژەوە نەیانگرت، دەبێت لەڕۆژانی تردا، بە ڕۆژوو بنەوە .

هەروەها پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : «إن الله يحب أن تؤتى رخصه كما يكره أن تؤتى معصيته » واتا : بێگومان خوای گەورە هەروەك چۆن پێی ناخۆشە کە مرۆڤ تاوان بکات، هێندەش پێی خۆشە کە مرۆڤەکان دەست بگرن بەو ڕوخصەت و ئاسانکاریانەوە کە بۆی داناوون، لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە کە فەرموویەتی : «كما يحبّ أن تؤتى عزائمه » واتا : بێگومان خوای گەورە هەروەك چۆن پێی خۆشە کە مرۆڤ عەزیمەتەکانی خوای

گەورە جێ بەجێ بکات ، هێندەش پێی خۆشە کە مرۆڤەکان دەست بگرن بەو ڕوخصەت و ئاسانکاریانەوە کە بۆی داناوون .

بەنسبەت وەرگرتنی خوێنیش بۆ شیکاری نەخۆشی و غەیری ئەو کارەش ڕای دروست ئەوەیە کە ڕۆژوو ناشکێنێت، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو خوێن گرتنە زۆر بوو، باشتر وایە دوای بخات بۆ کاتی شەو، خۆ ئەگەر لە ڕۆژدا ئەنجامی دا، ئەوە باشتر وایە قەزای بکاتەوە، چونکە وەك کەڵەشاخ گرتن وایە [ سەیری فتوی الشیخ ابن باز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بکە لە کتێبی فتاوی إسلامیة ج/2 ص/139] .

نەخۆشیش چەند حاڵەتێکی هەیە :

**حاڵەتی یەکەم** : ئەو نەخۆشەی کە ڕۆژوو گرتن هیچ زیانێکی پێ ناگات، وەك هەڵامەتێکی سووك، یان سەر ئێشەیەکی بەسیط، یان دان ئێشە، و نمونەی ئەم نەخۆشیە سووکانە، ئەوە بزانن

دروست نییه رۆژووی بۆ بشكێنرێت، هەرچەند هەندێك لە زانایان دەڵێن : دروستە بۆی ڕۆژوەكەی بشكێنێت، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی دەفەرمویێت : ﴿فَمَنْ كَانَ مِنْكُمْ مَرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ [ البقرة : 184 ] بەڵام، ئێمە دەڵێین : ئەم حوكمە بەندە بەو هۆكارەوە ئەگەر هاتوو ڕۆژوو شكاندنەكەی ئاسانتر بوو بۆی، و نەخۆشیەكەی لەسەر سووك دەكرد، بەڵام ئەگەر هاتوو رۆژووەكەشی شكاند و هیچ جیاوازی نەبوو، ئەوە دروست نییە ڕۆژوەكەی بشكێنێت و واجبە لەسەری بەڕۆژوو بێت .

**حاڵەتی دووەم** : ئەگەر هاتوو ڕۆژوو گرتن ناڕەحەت بوو لەسەری بەڵام زیانی پێ نەدەگەیاند، ئەم كەسە كەراهەتی هەیە بە رۆژوو بێت و باش ناكات ڕۆژوو بگرێت، و سوننەت وایە ڕۆژوەكەی بشكێنێت .

**حاڵەتی سێهەم** : ئەگەر هاتوو ڕۆژوو گرتنەکەی بوو بە مایەی ناڕەحەت بوون و زیانیشی پێ گەیاند، وەك ئەو کەسەی کە دووچاری نەخۆشی شەکرە یان گورچیلە و ئەو جۆرە نەخۆشیانە بووبێت، کە ڕۆژوو گرتن زیانیان پێ دەگەیەنێت، ئەوە دەبێت ڕۆژوو نەگرن و حەرامە بەرۆژوو بن، بەم شێوەیەش هەڵەی هەندێك لەو نەخۆشانەمان بۆ دەردەکەوێت کە لەکاتێکدا ڕۆژوو گرتن ناڕەحەتە لەسەریان بگرە زیانیشی هەیە بۆیان، بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا ئامادە نیین ڕۆژووەکانیان بشکێنن، بۆیە لێرەوە پێیان دەڵێین : زۆر هەڵە دەکەن کە کەرەم و ڕێزی پەروەردگارتان قبوڵ ناکەن و پێی ڕازی نابن، و زیان بە خۆتان و تەندروستیشتان دەگەیەنن، خوای گەورەش فەرموویەتی : ﴿وَلَا تَقْتُلُوا أَنْفُسَكُمْ﴾ [ النساء : 29 ] واتا : خۆتان مەکوژن [ سەیری کتێبی الشرح الممتع للشیخ ابن عثیمین ج/ 6 ص/352-354 ] .